# کۆمەڵگەی پیاو ، کۆمەڵگەی تۆڵە !

ڕزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com

لە سایتی پەیامنێردا ، ڕووداوێکی جەرگ بڕ ، پڕ لە شەرمەزاری بەنێو چەوانی کۆمەڵگەدا بڵاو ببۆوە ، لەو هەواڵە پیاوەکان لە تۆڵەی شەرەف و ناموسدا ، پەلاماری سێکسیانەی خوشکی یەکتر دەدەن ، ئەگەرچی هەردوو کچەکە لە ژیانا ماون بەڵام لەم جۆرە کۆمەڵگەیە ، ئیتر ئەوان تازە بوونەتە نەنگی و عار بۆ شەرەفی پیاوەکانی هەردوو خێزان ، ئەوان لە جاری یەکەمدا وەکو ئینسان نا ، وەکو بەشێك لە ( ماڵ و موڵکی ) پیاوەکان پڕۆژە بوون بۆ دەستدرێژی و سزاو باجی ئەم فەرهەنگە ، لە ئێستاشا پڕۆژەیەکن بۆ لە ناوبردن وکوشتن و سڕینەوەی لە کەیەك کە لە شەرەفی ئەو پیاوە تاونبارو بێ مێشك و کەللە پوتانەی هەردوولا کەوتووە ، پێش هەموو شتێك ئەرکی دەسبەجێ ی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لەوێ زەمانەت کردنی گیانی ئەم کچانەیە ، ڕێکخستنی پڕۆتستۆیە بەرامبەر ئەو کارە ، وەزارەتی مافی مرۆڤ لە هەولێر ئەگەر پێ وایە وەزارەتێکە پەندی ( ناوی زل و دێ ی وێران ) شوملی ناکا ، دەتوانێ لەم کەیسە جدی بوونی خۆی نیشان بدا ، من پێم وایە ئەگەرئەم دوو تاوانبارە چەکدار و پۆلیس یان پێشمەرگە بن ، ئەوا واستەی یاساکانی پاراستنی شەرەف لە دادگا دەبێتە پردی نەجات ئەم دوو وەحشیەو بە زەردەخەنەو شانازیەوە بە سەری دەپەڕنەوە ، ئەگەریش لە عەشیرەتی خاوەن نفوز بن ئەوا ئیمکانی ئەوا هەیە لە ژێر سایەی ئەم جۆرە لە دەسەڵات ، لە ژێر سایەی تەوازونی ناوبژیوی کردنی کۆنەپەرستانەی دونیاو دڵ ڕاگرتنی عەشیرەتەکان ، بە هەمان زەردەخەنەوە هەردوو تاونبار بە شانازیەوە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان .

ئەم کێشانە ، کێشەی دوو خێزان نین کە ئێمە نەیاناسین ، ئەمە فەرهەنگی زاڵی پیاو سالاری کۆمەڵگەی کوردستانە ، ئەم فەرهەنگە لە دەیان ڕێگەوە ، شێوەی دەسەڵاتی سیاسی ، دین ، سەرخانی کۆمەڵایەتی ، سەرکوت کردنی چەپ و پێشکەوتنخوازی ، نەبوونی ستاندارێك بۆ سادەترین پرەنسیپی دیموکراتی ، پاشماوەی ئەنجام و دەرهاویشتەکانی کاریگەری شەڕو میلیتاریزم لە سەر ئەم کۆمەڵگەیە ، خۆی بەرهەم دێنێتەوەو درێژە بە عومری ڕەشی خۆی دەداتەوە .

هەموو ئەو فاکتەرانەی باس کران مەیدانن ، مەیدانی ئەوەن هەموو لە یەك کاتدا لە دژیان بوەستینەوە ، بۆ پاراستنی حورمەتی ئینسانەکان ، بۆ بنیات نانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دیموکراتیك ، بۆ پێش گرتن بەوەی کۆمەڵگەی کوردستان ببێ بە جەنگەڵ و دارستان .